# بەرەو دیوەخان لە ئەزموونی ئەمریکیدا

## نیهاد جامی

(1)

بەدوای ئەو هەموو ئومێدەی گوتاری سیاسی کوردی لە ماوەی دووساڵی ڕابردوو خۆی نوقمی کردبوو لەگەڵ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی نوێی عیراق لەڕێگەی هێزەکانی ئەمریکاوە, دەرکەوت کەئەوئومێدە تەنیا دەروازەیەکی ناسیۆنالیزمی کوردیی بوو بۆ خەونێکی قووڵ خەونێك بەهیچ چەشنێك ناپەڕێتەوە ناو واقیع, تەنانەت نوێنەرانی دەسەلاتی کوردیی وبەتایبەتی هەردووسەرکردەی دوو حزبە براو دوژمنەکەی یەکتریی دەرکەوت کەئەوان دووکارەکتەری سیاسی میانڕەون لەئاستی کێشەکانی عیراقداو توندڕەوی ئەوان تەنیا لەسەر ئاستی کێشەکانی ناوخۆی کوردستانە, ئەو دوو کارەکتەرە کەبەهیچ چەشنێك ئامادەنەبوون یەکێکیان لەحکومەتی کوردیی یەکێکیان ببێ بەجێگری ئەویتر, بەلآم لەحکومەتی عیراقیدا ئەو پۆستەیان بەخۆشحاڵیەوە قبووڵ کرد, ئەگەر چی لەماوەی ڕابردوودا بینیمان کەچۆن کەوتنە هەڵوێست نواندن بەوەی لەڕێگەی نامەیەکەوە بۆ بوش هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوە ڕادەگەیەنن, ئەو هەڵوێستە بۆخۆی جێگەی گومان کردن بوو, چونکە ئەوان کەبەچەپڵە پێشوازییان لەحکومەتی نوێ کرد, وەك چۆن ڕێکخستنەکانی خۆیان فێرکرد لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی بەگوڵ پێشوازی لە مارێنزەکان بکەن و خۆشیان ڕوویان کردە بەغداو بارەگا سەرەکیەکانیان لەوێ دانا, دیارە ئەو بیرخستنەوەیە بە مەبەستی قسەکردنەوە نییە لەڕابردوویەکی نزیك هێندەی لەناو ئەو نووسینەدا دەیکەین بەپرسیارێك بۆ دوانە لە ڕەفتارەکانی دەسەلآتی کوردیی.

سەرەتا بۆ ئەوەی قسەکردنمان نەبێتە گومانێك بۆ ئەو دەسەلآتە سەرەتا هەوڵ دەدەین لەیەکێك لەبێدەنگیەکانی ئەو دەسەلآتەوە قسە بکەین کاتێ بێدەنگی کرد لە ڕۆژی لەدایکبوونی فاتیمەی زەهرا بە ڕۆژی ژنی عیراقی, چونکە بیرمان نەچێت هێزە عەرەبەکان وەك لە میدیاکان ڕایانگەیاند کە ئەو بڕیارە هەڵنەوەشاوەتەوە هەر کاتێك دەوڵەتێکی ڕەسمی دامەزرا یا شیعەکان بێنە سەر حوکم ئەوە ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی ڕەسمی دەناسێنن.

(2)

سەیرکردنمان بۆبڕیاری 137ی ئەنجومەنی حوکم بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی یاسای باریی کەسی وتەسلیم کردنەوەی ئەو یاسایە بۆ دەسەلآتی ئاینی و عەشایەریی بەتەنیا دەرخستنی ئەگەرێکی ناو گەڕانەوە نییە بۆ دەوڵەتێکی ئاینی بەڵکو خۆسەپاندنێکی تاکخوازانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە لەپێناو گەڕانەوە بەرەو کلتوری عەرەبی کەئەوەش پێویست بەوە دەکات بەوردیی ئەو سەرەتایەی بخەینە ژێرگومانەوەو دەرفەتی قبوڵ کردن بۆ یەکێتی خاکی عیراق ئەو درۆیەی ناسیۆنالیزمی کوردیی بەرزی کردۆتەوە وابەستە بکەینەوە بەو بڕیارەوە, کەدیارە ئەو وابەستە کردنە پەیوەندی بەزیادەڕۆیی ئێمەوە نییە بۆدۆخێك بەڵکو ئەو خەسلەتی بێدەنگی هێزە کوردیەکانە وادەکات بەرەو دواوبگەڕێینەوە, بۆئەوەی لەسیاقی گشتی بێینە دەرەوەو هێزەسیاسیەکانمان بیانوە بەردەوامەکەیان دووبارە نەکەنەوە, دەپرسین ئەو جورئەتە لەکوێوە هات سەلەفیەت بوێرێت بیر لەبڕیارێکی ئاوا بکاتەوە؟

دیارە بۆوەلآمی ئەو پرسیارە دەبێت بۆ ئەو ساتە بگەڕێینەوە کەهێزە کوردیەکانی ناو ئەنجومەنی حوکم هێندە شەرمنانە لەناو هۆڵیئەنجومەن بێدەنگ و شەرمن دەرکەوتن کاتێ نەیان توانی گفتو گۆ بکەن لەسەر پێشنیار ی هێزە ئسولیەکانی باشور لە دەست نیشان کردنی ڕۆژی فاتیمەی زەهرا بەڕۆژی ژنی عیراقی, کەدیارە دەست نیشان کردنی ئەو ڕۆژە مانای سەرەتایەکی نوێ نییە بۆ دەوڵەتی عیراقی , بەڵکو درێژە دانە بە کلتوری زەبروزەنگ کەبەعس بەرهەم هێنەریەتی, چونکە ئەو بۆشاییەی بەدوای نەمانی بەعس دروست دەبێت دەیانەوێ بە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی پڕی بکەنەوە, بەو ناوەی کەکلتورێك هەیە وابەستەیە بەمێژووی ئەوانەوە ئەو خۆدرێژکردنەوەیە بەئیسلام داکۆکی کردن نییە لەئاین بەڵکو بەرەنجامی بۆشاییەکی فکریی کۆمەڵگای عیراقیە بۆیە هەموو سوبولە ئاینیەکان بۆ خۆی درێژ دەکاتەوە تا دواتر کۆمەڵگای دینی بەرهەم دێنێتەوە , بەتایبەت کاتێ دەبینێت زەمینەیەکی لەباریش هەیە بەهۆی نەبوونی کێشەی نەتەوەکانی ناو عیراق لەگەڵ ئیسلامدا,وەلەلایەکی تر پێشوازی بەردەوامی سەرکردەکانی کورد لەسەرۆك عەشیرەتەکانی عیراق مانای وایە ناکۆکیەك نییە لەنێوان دەسەلآتی عەشیرەت و هێزە کوردیەکاندا ئەو کاتەش هیچ ترسێك نییە لەوەی داوا بکرێت یاسای باری کەسی هەڵوەشێتەوەو ئەو یاسایە بدرێتەوەبە دەسەلآتی ئاینی و عەشیرەتەکان, کێشەکە بۆ ئەو موجامەلە سیاسیەی هێزە کوردیەکان و سەرکردەی حزبەکان دەگەڕێتەوەو بۆیە پێویستە ئەوە بەهەند وەربگرین کەیەکێتی خاکی عیراق بەتەنیا وەرگرتنی پۆستی وەزیری دەرەوەو سەرکردایەتی ئەنجومەنی حوکم نییە , بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا مانای سڕینەوەی سیمانەتەوەییەکان وگەڕانەوەیە بۆ ڕابردوویەك کەهێشتا قبوڵکردنی کۆمەڵگایەکی کراوە تیایدا زۆر ئەستەم بێت

ئەوەش وامان لێدەکات سیما کانی دەسەڵات زیاتر لەبەعس نزیك ببنەوە, چونکە بەعس بەدرێژای مێژووی دەسەڵات زۆر بەقوڵی بیری لەو ستراتیژە کردبۆوەو بەجدیش کاری بۆ کردبوو.بەلاّم دووبارە کردنەوەی ئەو ستراتیژە مانای وایە پڕکردنەوەی بۆشاییەك جگە لەبەرهەمە هێنانەوەی توندووتیژی شتێکی تر نییە هۆکارەکەشی وابەستەیە بەخەسڵەتی بێدەنگی سیاسی کوردەوەیە.

(3)

مێژووی سیاسی ئەو دووکارەکتەرەی لەناو دنیای ئێمەدا بوونە بەدووسیمبولی سیاسی لەسەر ئاستی ئاماژەکانی ژیان و پەڕیونەتەوە ناو کایە کۆمەلاّیەتیەکانمان, دەبیبنین مێژووی ئەوان مێژووی بەرەنگاریە تا ئەو ئاستەی بۆ ئەوەی ململانێ و بەرەنگاریی بکەن بەشوناسی خۆیان بوونی خۆیان وابەستەی هێز دەکەن, شەڕکردنیان لەگەڵ یەکتریی لەناو شاخدا بەرهەمی ئەو تێگەیشتنەیە, ئەوتێفکرینە بە تەنیا بەرهەمی عەقڵی ئەو دووهێزە کوردیە نییە, بەڵکو لەمێژووی سیاسی ئێمەدا هێزێك نابینیەوە بوونی خۆی وابەستە نەکردبێت بە شەڕکردنەوە ئەوشەڕەش بەرهەمی بەهای خێڵەکیانە بووە کەحزبی کوردیی لەو شوێنەی هەڵگریی گوتاریی مارکسیەتیش بووە بەلاّم لەهیچ شوێنێکدا نەیتوانیووە دەسبەرداری بێت, وەك لەجیابوونەوەی ئالاّی شۆرش لە"یەکێتی"و شەڕکردنی لەگەڵ ئەو هێزەدا بەتەواوی ئەوەمان تێدەگەیەنێت, حزبی کوردیی بۆئەوەی هەبێت دەبێ شەڕبکات, ئەگەرچی ئەو شەڕەبەدوای قۆناغەکانی شەڕی یەکتریی پەڕیەوە ئاستی تر, بانمونە بەڕووداوی سی ویەکی ئابی نەوەت‌وشەش بێنینەوە ئەو ڕوووداوە لەلایان هەردوو هێزەکە لەتەفسیریی سیاسی ڕووکەش دەرنەکرا, پارتی ویستی تەفسیری ئەو ڕووداوە وا بکات مادامەکی یەکێتی ئێرانی هێناوە ئەویش پەنا دەباتە بەر بەعس ئەو پەنا بردنەی بەوە ناو برد کەئەوان نەبوونە بەجاش بەڵکو جاشایەتیان بەبەعسەوە کردووە هەرپاساوێك بۆئەو ڕووداوە جگەلەکۆمیدیای ئەو هێزەی بەو ڕووداوە هەڵدەستێ شتێکی تر نییە, لەهەمانکاتدا ئەوە تەنیا پارتی نییە لەم ڕووداوە بەرپرسیارە بەڵکو ڕاستەئەوەی بە پلانەکە هەڵدەستێ ئەوە بەلاّم بەرپرسیاری سەرەکی "یەکێتی" ە کە ڕووداوەکە کورت دەکاتەوە ناو تاکە دەلالەتێکەوە بەوەی پارتی خیانەتی کردووە بەعسی هێناوە, وەك ئەوەی شەڕی ناو خۆ گەورەترین خیانەت نەبێت لەبەرامبەر مێژووی قوربانیەکانی شاخ, نەك تەنیا ئەو پێشمەرگانەی کوژراون بەڵکو ئەو هەموو لادێیی و جوتیاروخێزانە کوردییانەی بەگوتاری حەماسی کوردبوون مردنیان خستە بەردەم ژیان و دواتر بەم شەڕە شتێك نەما پێی بلّێین ئارەزووکردن لەژیان, بەڵکو شەڕی ئەو دووحزبە بۆخۆی بێ بەها کردنی غەریزەی ژیانە, سی‌ویەکی ئاب سەرەتای ڕووداوەکە نەبوو بەڵکو درێژەی گەمەکانی ئەو مێژووەیە, یەکێتی لەوێدا بەرپرسیار بووکە نەیویست ڕووداوەکە لەتێڕوانینی ئایدیۆلۆژی جیابکرێتەوە ئەو بە تاکە تەفسیریی خیانەتی پارتی ڕووداوەکەی کورت کردەوە, لەهەمان کاتدا هەموو ئەو تەئویلانەی لەڕووداوەکە سەندەوە کە ڕووداوەکە دەبەستێتەوە بەپەیوەندیی گوتاریی سیاسی کوردو پاشگەزبوونەوە لەگوتاری ئاکاری کوردیی بەوەی ئیدیی چەمکی ئاکاردەبێ سەرلەنوێ پێناس بکرێتەوە پرسیاری کێ دوژمنە پرسیارێك بوو ئەوە پارتی نەبوو نەیهێشت بکرێ سەیرەکەی لەوەدایە نەکردنی ئەو پرسیارە یەکێتی لێی بەر پرسیارە وەك چۆن قسە نەکردن لەو ڕووداوە وەك پرۆژەیەکی ئابووری حزب, وایکرد ڕووداوەکە ببێ بەساتەوەخت ومۆدیلێکی سیاسی کەدیارە ڕۆشنبیرانی هەردوو حزب بەپێی وویستی حزبەکەی بەشداری لەو مۆدیلی قسەکردنە کرد.

(4)

هەرلەسەرەتاوە هێزەکوردیەکان بانگەشەیان بۆ دلسۆزی نواندن لەبەرامبەر هێزەکانی ئەمریکا کردوو تاکەپاساویشیان ئەوەبوو کە ئەمریکا کورد وەك هاوپەیمانی خۆی سەیردەکات ئەو هاوپەیمانیەتە لەسەر ئاستی توندوتیژی سیاسی دەرکەوت, وەك لەهاوکاریی کردنی بۆ یەکێتی لەهێرش کردنە سەر ئەنسار ئیسسلام بینیمان کەچۆن بەهەمان چەشنی ئەو موشەکانەی لەبەغدای گرت بەهەمان شێوە ئاراستەی تەوێڵە وبیارەی کرد, ئەو هێزە سیاسیەی ئێمە خۆشحاڵ بوو بەو بیانووەی کەدوژمنە سەرسەختەکەی کۆتایی هات و ئەوەی بیرچوو کەتوندوتیژی تەنها توندوتیژی بەرهەم دێنێتەوە ئەو هێزە تەنها ئەگەر بیری لەڕابردووی خۆی بکردبایەوە هەرگیز ئەو سەرکەوتنە سەربازیەی ئەمریکا نەدەبایە خۆشحاڵی بکات, چونکە وەك بیینیمان ئەو شەڕە بە ڕووداوێکی تری توندوتیژی وەلاّمی درایەوە, لەڕووداوە تیرۆریستیەکەی یەکی شوبات,دواتر ئەو هاوپەیمانیەتە ناوبردنە دەرکەوت تەنیا بۆبێدەنگ کردنی کوردە, لەلایەکی تریش خستنە گڕیی میدیای یەك لایەنەی شەڕ کە یەکێك بوو لەخەوشەکانی

ئەم شەڕە, میدیای کوردیی میدیایەکی بێلایەن نەبوو بەڵکو بەشدار بوو, لەناو ستایشکردنی ئەمریکا دەرنەدەچوو, هیچ ڕەخنەیەکی لەوهێزە نەبوو, تاکە بیانوویەکیشی ئەوەبوو کەئەوشەڕە تاکە هۆیەکە بۆڕزگاربوون لەژێر دەسەڵاتی بەعس وسەدامدا, کەدیارە ئەوتێگەیشتنە زۆر لەنووسەرانی کورد هەڵگریی بوون, کەئەگەر مرۆڤ شەرم نەکاتو بیەوێ ڕاستی بڵێت دەبێ دانی پیابنێین کە ئێمەبۆخۆشمان یەکێك بووین لەو کەسانە بەڵام کاتێك, شتێ نامێنێ پێی بووترێ دەسەڵاتی بەعسوسەدام.

مانەوەی ئەو هێزە جگەلەوەی دەبێ وەك داگیر کەر بیناسین ناوێکی تری بۆ نادۆزرێتەوە, تەنانەت ئەو بیانووە ئەمریکیەی حزبە کوردیەکانیش داکۆکی لێدەکەن کەگوایە پاشماوەکانی سەدام لەناو عیراقدا شەڕدەکەن ئەو بیانووەش جگە لە درۆیەکی ئەمریکی شتێکیتر نییە, چونکە ئەگەر پاشماوەکانی بەعس شەڕیان بکردبا بۆچی دوای کۆتایی حوکمی بەعس ئەوشەڕەیان دەکرد, بۆیە ئەو شەڕە دەکرێ زیاتر هەڵگریی دوو ڕەهەندی کۆمەلایەتی و ئاینی بێت ڕەهەندی یەکەمی شەڕەکە ڕەهەندێکی ئاینیەو ئەو شەڕە وا سەیر دەکات کەکوشتنی ئەمریکی فەرمانێکی ئاینیە بەومانایەی کوشتن بەوەزیفەی کارەکتەری مووسڵمان تێدەگات, کەدیارە لێرەدا هێزە ئیسلامیەکان دەتوانن سوود لەو دۆخە وەرگرن بۆ دەسخەرۆدانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگا بۆمردن, لێرەدا شەڕی فەلوجەو سەدر نمونەی ڕەهەندی ئەو شەڕەیە, نەك گوایە پاشماوەکانی بەعس لەفەلوجەدان چونکە ئەگەر سەیربکەین ئەو ڕەهەندەئاینیە لە فەلوجەدا زەمینەی باشتری هەیە بەو پێیەی شارێکە زۆری خەڵکەکەی هەستی ئاینی لەناویدا لەهەموو هەستێك زیاتر لەکاردایە کەلەوحالەتەشدا هەرهێزێکی ئیسلامی توانای ئەوەی دەبێت سوود لەو دۆخە وەربگرێت, ئەگەر دوور نەڕۆین سوود وەرگرتنی ئەنسارو لئیسلام لەناوچەی هەورامان پەیوەندی بەهەمان ڕەهەندەوە هەبوو.

ڕەهەندی دووەمی شەڕەکەش کەئەوەیان هەرلەناو ڕەهەندی یەکەمەوە دێتە بوون بەڵام وەك ئەو کاریگەر نییە ئەگەرچی تاڕادەیەکی زۆر کاری خۆشی دەکات ئەویش بەدوژمن سەیرکردنی ئەمریکایە بەوەی ئەو هێزە سەربازیە هاتووە وولاتەکەی داگیرکردووەو هەستی نیشتیمانی هانی دەدات لەبەرامبەر ڕەفتارەکانی ئەودا توندوتیژی بنوێنێت, بازۆر دوور نەڕۆین سووکایەتی کردن بەدیلە عیراقیەکانی زیندانی ئەبوغرێب بێنینەوە بەرچاومان ئایا ڕووداوێکی لەم چەشنە دەرفەتی ئەوە دێلێتەوە ئەو داگیرکەرە بە ئازادی خوازبناسین؟ئەگەربۆ وەلامی ئەوپرسیارە پێمان بووترێ وەك هەندێك ساویلکە ووتیان ئەوە بەعسیەکان بوون لە ئەبوغرێب وایان لێکرا بۆچی نابێت ئەوانە هەر ئەو هاوولاتیانەبن کەلەسەردەمی بەعسیش بەهەمان شێوە ئەشکەنجەدراون و ئەتککراون, بەڵام دواتر ئەگەر ئەمریکا هەمان ڕەفتاری بەعسی دووبارە کردەوە دەبێ ئەوجیاوازیە چیبێت کە دەکەوێتە نێوان سەدام وبوش؟

بۆئەوەی مێژووی ئەوتاوانە بسڕدرێتەوە سەرانی کۆشکی سپی داوای ئەوەیان کرد کە ئەو زیاندانە تێك بدرێت دیارە ئەو کارەش بە خاڵێکی ئیجابی لەلای زۆر لەسیاسیەکانی ئێمە سەیر کرا, لەکاتێکدا ئەمریکا دەیەوێ بەتێکدانی ئەو زیندانە ئەو مێژووە شەرمەزاریەی خۆی بسڕێتەوە , ئەوەی لەهەمووشی سەیرتر هاتە بەرچاو بینیمان رامسفێلد چەندین جار داوای لێبووردنی کرد باواز لەوەش بێنین کە ئەوەش گەمەیەکی تری ئەمریکیە چونکە ئەو ڕووداوە کارێکی ڕاگوزەری چەند سەربازێك نەبووە هێندەی بەپلانێك جێ بەجێکراوەو مەبەستەکەش بۆشکاندنی ئیرادە وکەرامەتی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایەیە, بەڵام دەبینین دوای ئەوپۆزشە بەڕێز تاڵەبانی لەلێدوانێکدا ڕایدەگەیەنێت, کەباش نییە ئەوەی ئەمریکیەکان دەیکەن بەئازادی لەمیدیاکان پەخش دەکرێت خۆئەوانەی بەعس کەس نەیدەبینین.

(5)

ئەو لێدوانەی تاڵەبانی پێویستە بەسەرماندا تێنەپەڕێت و مایەی ئەوەیە چەندین پرسیاری بخەینە بەردەم ئەو سەرکردە کوردە, ئایا ئەو شەڕە بۆئەوە بوو کە عیراقیەکان هەموورۆژێکیان دۆزەخ بێت؟

گرنگ نییە تەنیا گرنگ ئەوەیە حزبەکوردیەکان بارەگا لە بەغدا بکەنەوەو یەکی مانگێك ببن بەسەرۆکی مەجلیسی حوکمی ئەمریکی؟ تاکەی دەبێ مێژووی خوێن وترس ببێ بە شوناسی هاوولاتیەکانی ئەو وولاتە؟ ئەوئومێدە خەیاڵیە چیبوو کەئەمریکا بەئێوەیداو ئێوەش بەکۆمەڵگاتان فرۆشتەوە؟ چی چاوەڕوان دەکرێت لەوەزیرەکانی ئەو وولاتەو ئایا کوردبوونی وەزیرەکانی ئێمە باشتردەبن لەوەزیرو جێگرەکانی حکومەتی بەعس؟ ئەوعەشقە گەورەیە چیبوو ئێوە لەبەرامبەر عەشیرەتە عەرەبەکانی خوارووی

**عیراقدا نواندتان ئایاتەنیا بۆنفوز زیادکردن بوو یاخود پەیوەندیی هەبوو بەگوتاری ئایدیۆلۆژی(ی.ن.ك)ەوە؟ ئیدیی ئەو قۆناغە وا پێویست دەکات دەسبەرداری مافی تاکانەبین و دەسکەوتەکانمان تێکەڵی یاسای عەشیرەتودیوەخان بکەینەوە؟ ئەگەر وایە ئەی بۆچی لە سالیادی یەکێتیدا یەکێك لەمانشێتەکانتان داوای ئەوە دەکەن بۆئەوەی بوونی هاوولاّتیان وژیان وئارامیوگەشەکردنی پارێزراوبێت,پێویستە لەناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا بن, ئایا ئەو درووشمە پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵ ڕەفتارەکانی ئەو هێزە لەماوەی حوکمی داگیرکاریی ئەمریکا؟**

(6)

**هەریەك لەوپرسیارانە بەمەبەستی وەلاّمدانەوە نەنووسراوە بەڵکو قسەکردنەوەیە لەو دۆخە بێدەنگەی سیاسی کورد خولّقاندوویەتی دوای ئەوەی بۆماوەی دووساڵ لەبەغدا بوون ودواتر بەهێمنیوبێدەنگ گەڕانەوە شارەکانی کوردستانو حوکمی زاتیەکیان پێدرا کەئەوەی لەحەفتاکان بەعس بە بارزانی دابوو زۆر لەوە زیاتر بوو, ئەگەر ئەوەی ئەمرۆ لە دەوڵەتی عیراقدا لەودۆخە نالەبارە بە کورد دەدرێت هەرئەوەندەبێت ئاخۆ سبەینیێ کەئەو دەوڵەتە پایەکانو دامەزراوەکانیپۆلاّین بوو چۆن ڕەفتار لەگەڵ کورد دەکات؟ ئاخۆ دەتوانیێ وەك نەتەوەی عەرەب سەیری کورد بکاتوهاوولاّتیکوردی بە پلە دوو سەیر نەکات؟ چونکە ئەگەر ئەوەمان بیرنەچووبێتەوە کە کاتیێ لەسەرەتای درووست بوونی دەوڵەتی عیراق لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو زۆری ئەفسەرەدیارەکانی سوپا لەکوردوئاسوری پێکهاتبوون ئەی بۆچی بەدرێژای مێژوو ئیدیی سوپا بووبە دڕندەیەك و بەردرایە بەرگیانی کوردو تاگەورەترین تراژیدیاکانی سەدەی بیستەمی لیێکەوتەوە؟ بەداخەوە دوا قسەشمان دیسان بەپرسیارکۆتایی هات, کیێ لەئایندەی ئێمە بەرپرسیارە ..ئێوە؟ کەبەهەردووکتان جورئەتتان نەکرد بەبریمەر بڵێن لەماوەی دوانزە ساڵی ڕابردوو ئەگەر ئەوەمان لەسەدام داوابکردبا بەزیادەوەش پێی دەداین, تکایەپێتان بڵێین سوپاس بۆ هەڵوێستتان یان ماڵتان ئاوا کەتوانیتان هەولێروسلێمانی نەخەنەژێر دەستی برای عەرەبی پیێپەتیم؟**

**ئایا ئیدیی لەکۆمارەکەی بریمەردا خۆمان بۆ دیوەخانی سەرەك کۆمار ئامادەبکەین؟ ئەگەر وایە چەند زاناو زیرەك بووسەر کردایەتیسیاسی کوردیی هەرلەسەرەتاوە دەیزانی داهاتوو بۆدیوەخانە بۆیە بەو ڕادەسەیرە پێشوازی لە عەشیرەتە عەرەبەکان دەکرد, چاوی پارتیش ڕوون چونکە داهاتووی ئەو زۆر لەیەکێتی گەشترە لەعیراقی نوێدا بنەماڵەو عەشیرەت قیمەتی خۆی دەبێت, هەربۆریە زوو فریا کەوت نەسرین بەرواری دا بە شێخ یاوەری تاجی سەرمان, ئەگەرچی لەوەتەی بەعس نەماوە یەکێتی هەوڵی داوە دۆستێکی زۆر لە برا چاو ڕەشەکانی شمەرو جبوریو نازانم کیێ وکیێکۆبکاتەوە, بەلاّم ئەوەشیان گەمەیەکی سەرکەوتوو نابێتو لەداهاتوودا هەست بەو شکستەش دەکرێت, بەلاّم قەیدیی چیە کەی حزبی کوردیی شەرمی لەخۆی کردووەو دانی بەهەڵە ناوە ڕۆژێك بەعس دێنێتە سەر ماڵەکانمان ڕۆژێکیش بێشەرم جنێو بە بەعس دەدات ڕۆژێك پاسداری ئێران دەخاتە سەر بارەگاکانی دیموکراتو ڕۆژێك خۆی بەپشتو پەنای ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ناو دەبات, دواجاریش هەر ئەوە دەبێت ڕێگامان بدات قسە بکەینو هەموو گەشە کردنێکی کۆمەلاّیەتیو سیاسی وئابوری بۆ بوونی ئەو کورت بکەینەوە, بوونێك کە لەگەڕانەوەمان بۆ دیوەخان بەلاّم بەفۆڕمێکی تر کەناوی دەبەین بە سیستمی دیموکراسی.**